# مێژوو دووپاتە ئەبێتەوە بەڵام،ناگەڕێتەوە .!

محـەمـەدی کـەریمـی
( ڕۆژنامە نووسی سەر بە خۆ )

جولانەوەی ئیسلامی لە زۆربەی ولاتانی ناوچەکەدا درێژەی بوو ، بەلاَم تاوەکوو بەرپابوونی ڕاپەرین لەئێراندا ولە هەفتاکاندا ،هیچکام لەو جولانەوانە نەیانتوانیبوو ببنە رەوەندێکی سیاسی جێی متمانە و هەر وەها کارگێرێکی سەرەکی وکاری لە ساحەی سیاسی هەر کام لەو ولاَتانەی کە جم و جولی ئیسلامیان تێکەوتبوو .جیهادی ئیسلامی فەلەستین ( حەمـاس )یەکێک لەو وێنە زەق و زیندووانەیە ،کە لە 1967 ولە دوای جەنگی بەناوبانگی عارەب و ئیسرایل(شەڕی شەش ڕۆژە)لە دایـک بوو، ئـەویـش لە واقیعدا بەرهەمی( حەرەکەی برایەتی ) عەرەبە کە لەمیسر سازدرا وتاوەکو ئەو کاتیش ،ئاسەوارێکی ئەوتـۆلە کۆماری ئیسلامی ئیران لە ئارادا نـەبوو .

ڕاپـەڕیـن ، جووڵانەویەکـە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و بەرپاکردنـی عەدالەت و یەکسانی و لە بـۆ پـاراستنـی حورمـەتی مرۆڤایـەتی .
جولانەوەی ئیسلامـی و دەولەتـی ئیسلامـی ، نە تەنیـا بەرهەمی ڕاپـەڕینی گـەلانی ئێران نـەبوو ، بەڵکـو چەکێکی زۆر بـەهێـز و کـاری بوو ، کە بۆ سـەرکوتـکردنـی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران هـاتە کـایەوە .ئەو ڕاپەڕینەی کە کۆشـکی خواپێـداوەکانی سەرتاپای گـۆی زەوی لـەرزاندەوە .

ئـەوانەی کـە پێویستیان بە پشـتوێنی سـەوز و پتـەو بوو ، لە کەش و هەوای شـەڕی شـوومی جیهـانـی سـاردی سەردەمدا . پـول وپـارەیان هـەلـڕشت . گـەلاَلە و پـڕۆژەی ڕەنگـاوڕەنگیـان دارشت . بە پـەلە و بە بـێ هـەلَە کۆبـوونەوەی جۆراوجۆریان تاشی وڕێـکیانخـست لە بـۆ ئیسـلامیـکردنـی شـۆڕش ونـەیانهێشـت ڕاپـەڕینی گـەلانی ئێـران سـەر کەوێـت .!سـەریش نەکەوت .

ڕاپـەڕینـی 1978 ی گـەلانـی ئێـران ، وێنـەی تەواونوێـن وئاوێنـەی دەرونیی دەیان ملیـۆن خەلکـی وەزالەهاتووی ئـەم وڵاتە بوو ، بـەلاَم شـۆڕشی ئیسـلامی وحکومەتـی ئیسلامـی ، مایـە و سـەرمایەی شـەڕی جیهانـی سـارد بوو .دەسـتـڕەنج و بەرهـەمی گرنگترین معـادلە و معـاملـە مۆدێرنەکانی جیهـانـی ئـەوکاتی بوو .!
داڕێژەری سـیاسەت و سـازکـەری سـتراتیژی کۆماری ئیسلامی و دوای ئەویش ، سـازدەر و بنـاغەداڕێژەری بـن لادن و القـاعیـدە ،حکومەتە زلهێـزەکـانی جیهانی بوون .ئەو حکومەتانەی کـە هـەر ئێستـەکە وخۆیـان بـە دەست وپلـی ئەو قـوڕ وچلپاوانەوە گیریان کردووە کە خۆیان سازیان کرددون .چ لە ئێران وچ لە چیچینیستان وئەفغانستان و چ لە ناوعێـراق و پاکسـتان و...و...لە هەر شوێنێک کە هاوار وهەڕەشەی مەرگ ولەناوچوون و ئاوارەیی و سـەرگەردانی دێتـە گوێ ،هەر لەو شوێنە هالاَوی ئیسـلامیشی لێـوە هەلدەسـتێت .

خومەینـی لە دوای 15 سال تەبعیـد لە عێراق ، سەرئەنجام لە پـاریـس و لـە پێتـەختـی فەرەنسـەوە ، بەرەو ئێـران هـەلفڕی و لە تـاران نیشـتەوە .نـەوەک لە نـەجەف و کەربـەلاو لـە قـوومـەوە .

گـەرخومـەینـی سـەرکەوت وهەمدیسـان دانەکەوت بـە هۆی ئەو خەلکـە خەرفـاوەی پێشەنگی نـەبوو .بەلکـو ،لە ڕێگـەی حیزبە هەلخەلەتاوەکان وبەهۆی هێزە سیاسی سەرلێشێواوەکانەوە سەرکەوت ئەوانەی کە وێنـەی ئاغـایـان لە ناو چـەقـی ( مـانـگ )دا ، دیتبـووەوە ،دەیانخستە بەر چاوی خەلکی

هێشتەکەیش یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران جەوهەر و مرەککەببی سوری ئەو ئێسک سووک وپێست ئەستورە سورپەرەستانەی لێوە دەتکی ،کە بوونە پالپشتی دێوەزمەی مەرگ و وێرانی بە خەیاڵی خاوی پشت لە عەردانی شەیتانی گەورەی ئەمریکایی .

ڕاستییەکان لە زەینی کۆمەڵی تازە پێگەیشتووی تەمەنی پترلە **25** ساڵی ڕابردوودا نییە و زۆرینەی خەڵکیش ،هێشتەکە لە ناوەرۆکی زۆربەی رووداو و کارەساتەکانی ڕابردووی بابردوویان ئاگەدار نەبوونەتەوە گەرچی ،ئەم زانینانەیش پێداویستییەکی گرنگ و ویستیێکی گەلی ونیازێکی زەروریی مێژووییە بەڵام ،هەر دەلێی ڕاستییەکان قڕیان تێکەوتووە .ئەدی نا ؟ بۆچ زۆربەی هەرە زۆریان قوڕ و قەپیان کردوە .؟ وەک بلێی ڕاست بێژەکان تووشی ناساغی مێشک و بەرەورووی نەخۆشی لە بیرچوونەوە بوون .یان تەپ و تۆزی ترس و دڵە ڕاوکێ و دوردونگی و دوو دلیان لێ نیشتووە کە ناتوانن ڕاستییەکان وەک خۆیان چۆنن بیانووسنەوە و هەقیقەتەکان بێ ئەم لاو ئەولا بۆ نەوەکانی داهاتووی کورد لە گشت کوردستان دابێژن و بیلێنەوە .

حکایەت و داستان و ئەفسانە وبەیت و بالۆرەی لەم چەشنە زۆر و جۆراوجۆرن ، کە بە گشتی لەجیاتی ئەوەی شتێکمان سەبارەت بە ڕاستییەکانی مێژوو بدەنە دەست .زیاتر بە دەوری خۆهەلکێشان و تێهەلکێشاندا دەسوڕڕێن و دەخولێنەوە .زۆربەی هەرەزۆری مێژووی ڕاستییەکانمان لێدەشارنەوە و چارشێو بە سەر کەین و بەینەکاندا دەدەن بە بێ ئەوەی جێ وشوێن و ڕێگەی ڕاست ودروستی خۆیان و خۆمانمان لە دنیای ئەمرۆ و لەجیهانی سبەینێدا بدەنە دەست .؟

مرۆڤ ،لە رۆچنایی ئەمرۆوە دەڕۆانێتە ڕابردوو ،بۆ ئەوەی ڕێگەی چارەی گونجاوی کاتی وداهاتووی خۆی بە باشی بدۆزێتەوە بەڵام زۆربەی رۆشنبیران وحیزبەکانی کوردی ، بە پێچەوانەی ئەم ڕاستییە هەر بای کۆن بە بادەکەن .ڕابردوو دووپاتە دەکەنەوە و تەمەنی بابردوو دەژێنەوە و دەیبووژێنەوە .؟مەرجی سەرەکی ڕەفتار و کردار و جم و جوولە و هەلس و کەوتیش محەک .نەک بە تەنیادروشمدان و دروشم گۆڕین .شەل نییە ،بەڵام گێڕە و دەلەنگێت ئەوەیە .

زۆر وێنەی پێش و پاشی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاسەوارەکانی ئاوێنەی خۆاروخێچی رۆژان ومانگان و ساڵانی دوای ئەم بەسەرهات وبە هەڵەداچوونانە ،لەعێراقی هیوا و ئاشتی واخەریکن زۆرلە سەرە خۆ خۆیان دەردە خەن .بە کەمەکێک جیاوازی کەلتوری و ئال و گۆڕبوونی مۆرە دەستکردەکان و جێگۆڕکێ لە نێوان داشەهارەکان و هەروەها بە خۆ ڕێکخستن لە گەل هەل و مەرجەکانی سەردەم و بە پێی نیازەکانی مێژوویی سیاسی وتایبەت بە کۆمەڵگە و لە رووی پێداویستییەکانی رۆژ وکاتی جیهانی نوێ .
بەگشتی شیعەکان و بەتایبەتی عەلی سیستانی واخەریکی سەپاندنی جۆرە بڕیارگەلێکی سیاسی ئایینییە . سیستانی بە گوشارخستنە سەر نەتەوە یەکگرتووکان ولە ڕێگەی بڕیاری **1546** خۆی لە محەکی هەموو لایەنەکانی ناوخۆیی ودەرەکی دا بە ( **U.n** )یشەوە کۆتایی بە ناخۆشی قورسی نێوان موقتەداسەدر و ئەمریکاهێنا ولەنوێترین بڕیاریشی کە بۆ داهاتووی فلوجە لە **12**ی ئەم مانگەدا ڕایگەیاند ،گشت گەلان وهەموو ئاین و زمانەکانی عێراق دەگرێتەوە.....!بڕیارێک کە تەنیالە وەلی فەقێ دەوەشێتەوە .هەمان ئەو بڕیاراتەی کە ماوەیەک لەمەو بەر ،هەر خۆی بوو کە رەتی دەکردەوە .هاوار وگوڕەشەی ئەو بوو کە وای لە **U.n** کرد تا بڕیاری **1546** ی کورت کاتەوە .

گەر لە دوازدە ساڵی ڕابردوودا ،هەڵەکان و خاوەن هەڵەکان بوونە لەمپەر لە بەرانبەر ویست و ئارمانجەکانی گشتی !بەڵام ،کێشەکان هەمدیسان بوونەتەوە مایەی سڕکردنی هەستی گشتی .!نەیاران چ سووک و سادە و زۆرهەرزان سەددێکیان سازکردوە ،لە بەرانبەرهیوا و ئاواتی خەڵکی .بۆ ئەوەی هاواری ڕاستەقینەی یەکگرتن بخنکێنن ولە وەیش گرنگتر ڕیفراندۆم نە درکێنن .
لەولاشەوە مشترییە شۆخ وشەنگەکانی جیهانی نەوت هەلەکانیان چەد بە باشی قۆازتۆتەوە .
هێتزەکانی شۆڤینی خۆیان تەیارکردەوەتەوە و کۆنە بەعسییەکان یەکیانگرتووەتەوە ....تیرۆریستەکانیش سەرتاپای عێراقیان لە خوێن و لە زوخاو هەلکێشاوە و.....!
ناشکرێت نا .!

هـــەڵـلـووشیـنـی دەریـایـەک نەوتی ڕەشـی چڵـکن وچـەور و بـۆروگەنیـو، ئیشـێکی هـەروا سـووک وسـادە وسـاکار و کار هەرکەسـێک وزۆریـش هاسـان نییـە .

بە ئارامی وبێ دەردەسـەری گەلێ بدۆشـی وولاتێـک دادۆشـی و....کەس هیچ نەلێ و هەموو کپ بن وزمانبـەسـتراوە ....بە هەمـــوو کەس ناکـرێت .!

دەست بەستە و زمانبەسـتە .دەسـتە وتاقمـی ڕەنگاوڕەنگی دەسـتە بە دەسـتەی گەرەکـە .پڕبە دڵ ولە سەرمـەیل و بە ڕەغبەتـی پێداویستی رۆژ و ونیازی سەردەم گونجاو لە گەڵ شوێن وڕێگە وگشت ئەمانەیش لە کات وسـاتی خۆیدا و هەرکامەیش لە جێی خۆیدا .پڕۆڤە و پڕۆژەی لە پێشـدا داڕێژڕاو وئامادەکراوی گـەرەکـە .

تۆبڵێی مێـژووی ڕابـردووی ئێران لەعێراق دووبارە نەبێتـەوە .؟؟ یان مێـژووی کۆنی کورد سـەرلە نوێ وچەند پاتە نەبێتـەوە .؟ ڕاسـتە داهـاتوویەکی نزیک وەڵامی ئەم پرسـیارانەمان دەدەنەوە بەڵام ،ئاخۆ بەرپرسـانی کورد خۆیـان وگەل و ولاتیـان ،لـــە بـۆ ئـەم ئەگـەر وئـەگـەرانە ئامـادە کردووە .؟

mohammed_karim